## میوانداری‌یەکی سودبەخشی کوردەواری لەبارەگای

## کۆمەڵەی (ناوەندی بەساڵاچووان و کەمئەندامانی‌کورد لە سوید)

لە ڕێکەوتی 2005/11/16 شاندێکی حیزبی چەپی سوید بە ڕابەرایەتی سەرۆکی حیزب و ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (لارش)وبەڕێزان ئەندامانی شاندەکە خوشکە (گونیلا بور ) ئەندامی بەڕێوەبەری شارەوانی شیستا و کاک مژدە ڕەشید ئەندامی بەڕێوەبەری شارەوانی‌ستۆکهۆڵم و(نیکلا)ئەندامی‌ئەنجومەنی پارێزگای‌ستۆکهۆڵم و خوشکە(یڤۆنی)ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوە بەری سەندیکای هێڵی شەمەنەفەرو پێندڵتۆگ و تونێلبانە (SEKO) وکاک(موبینل یزدانیخان) ئەندامی سەندیکای پۆستە چیەکان و چەند ئەندامێکی بەرپرسیاری تر لە حیزبەکەیان سەردانی کۆمەڵەکەیان کردین ، لەلایەن بەڕێوەبەران و ئەندامانی کۆمەڵەکەمان کە زوربەیان خوشکان بوون پێشوازیان لێکرا . لە دوای بەخێر هاتنیان لە لایەن بەڕێوەبەری کۆمەڵە کاك ئەمین سەراجی‌یەوە خوانێکی کوردەواری وەك یاپراخ وبریانیی وترخێنەو چەند خواردنێکی تر بەنانی هەورامیەوە دانرا ، لەپاشان بەڕێز (لارش) سوپاسی هەمولایەکی کردو وتی : پێخۆشحاڵم بەم دانیشتنەمان، بەم خواردنە خۆشە کوردەواریەتان و هیوادارم هەمیشە سەرکەوتو بن لە کارو چالاکیەکانتاندا و وتی:ئەمین باسی‌چالاکی‌کومەلەکەتانی بۆکردم ، ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و جێ پێزانینە کارو ئەرکەکانی ئێوە هۆیەکی کرنگی هەیە بۆ کەمکردنەوەی گرفتە ڕەوایی کلتوریی وکێشەکۆمەڵایەتیەکانی نێوانمان ، کاتێك من منداڵ بووم خەڵکێکی بیانی ئەوەندە زۆر نەبوو ئەوکێشەو گرفتانەی ئەمرۆ هەیە جاران نەبوو بەڵام ئێستاکە ژمارەی بیانیان هەردێو زیاد دەبێ و گیروگرفتی جیاوازی کلتوری وزمان وئاینی زەقتر دەبێ ، پێویستە ئەوەی نێگەتیڤە ئەبێت چارەسەری نوێی‌بۆ بدۆزینەوە ، پاشان درێژەی پێداو وتی حیزبەکەمان(حیزبی چەپی سویدی) دۆستی گەلی کوردە و لە هەمو کیشە کانتان ئاگادارین و هاوکارین، ئەوەی جێی نیگەرانیە پەنابەران کە زوربەیان لە چینی هەژارن و لە ئێمەوە نزیکن لە کاتی هەڵبژاردنی‌پەرلەمان و شارەوانیەکان و ڕاپرسینەکاندا بە پێی پێویست ڕووناکەنە سندوقی دەنگدان واتا بە ڕێژەی‌لە 50٪ کەمتەرخەمی ئەکەن بەڵام سەرمایەدارەکانی سوید 90٪یان دەنگ ئەدەن بە لیستی خۆیان ، ئەگەر کار وا بڕوات دورنیە لە داهاتودا دەوڵەمەندەکان حوکمڕانی بگرنە دەست ، کە ئەمەش زیان بە کۆمەڵگا ئەگەیەنێت و دەستکەوتەکانی مافی ژنان و قوتابیان و پیرو پەککەوتەو خانە نشینەکان و پەنابەرانیش دەگرێتەوە ، ئەوانە بێنە سەرحوکم باج کەم ئەکەنەوە چونکە ئەو باجەی ئەمرۆ هەیە خاوەن کومپانیەکانی نارەحەت کردوە لە ڕێگەی بەرزیی ئەو باجەوە بەشێك لەو داهاتە زۆرەی بۆرژواکان کەم دەبێتەوە ، ئەو پارەو پولی باجە بۆ خزمەتگوزاری‌خەڵکی ئەگەرێتە وە بۆ باشکردنی باری تەندروستیی ورێگاو بان و گەلێ خزمەتگوزاری تر وەك ئێستا هەمو لایەکمان هەستی پێئەکەین، هەروەها باسی بێکاری کرد لە ریزی سویدیەکاندا لە 5٪ە و لەڕیزی پەنابەرانی ئەوروپاییەکان و ئەمەریکای لاتینیی‌و وڵاتە ڕۆژهەڵاتەکان بەڕێژەی لە 8٪ە بەڵام لەڕیزی ئەوانەی ئاسیاو ئەفریقا بە ڕێژەی لە 50٪ زیاترە پاشان ڕایگەیاندو وتی: ئەو پەناهەندانەی خاوەنی بڕوانامەی بەرزی وڵاتی خۆیانن لێرە بەهۆی بیروکراتیەتەوە تەعادولی بڕوانامەکانیان زۆر بە درەنگ ڕائەگەیەنن ئەمەش گەلێك ئازاری پەنابەرانی داوە ،ئیتر لەدوای تەواو بوونی وتەکەی ئامادەبوان هەندێك پرسیاریان لێکرد: ئێوە وەك حیزبی چەپ و حیزبی سۆسیال دیموکرات و

میلیۆ پارتی ( حیزبی ژینگە)دەسەڵاتدارن وحکومەت ئەبەن بەڕێوە هەست ناکەن ئەو ڕاپەڕینەی هەژارانی فەرەنسە لە هەندێك شارەکانی سویدیش سەرهەڵبدات ؟(لاراش) بەم شێوەیە شیی کردەوە : سستمی سوید جیاوازە لە سستمی حوکمڕانی فەرەنسە ، لەوێ ڕاسترەوەکان حکومڕانن و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی زۆرە وبەزەقی ڕەچاو ئەکرێت وەك ڕادەی بێکاری و بێدەرامەتی بژێوی ژیان کە ئەمەش لە خۆیدا ڕێگە خۆش ئەکات بۆ دروسبوونی نارەزایی و ڕق وکینیخەڵکیی و سەرهەڵدانی ڕاسیزم و قاچاغچێتیحەشیشەو هیرۆیین و گەلێك شتی تر ، بۆنمونە : سیاسەتی دەوڵەتی فەرەنسە بە هۆی هەڕەشەو دەرکردنی پەنابەران وگرتنی ئەوانەی جنسیەیان هەیە کارێکی هەڵەیە ! لێرە لەسوید ممکن نیە سەرۆکی دەوڵەت ( یۆران پێرشۆن)بڕیاری وا ناعادلانە بدات ، ئێمە چارەسەری کێشەی وا بە تێڕوانینێکی واقیعیانە لە باری کەم وکوریی و ناتەواویەکانی ئابوریو کۆمەڵایەتیەوە چارەسەر ئەکەین ،ڕۆژنامەکانی فەرەنسە نوسیویانە وئەڵێن ئەگەر فەرەنسە ئەو ڕێبازە خزمەتگوزارییەی سویدی بگرتایەتەبەر بۆپەنابەران هەرگیز ئەم کارەساتە زیانبەخشە ڕوی نەئەدا ، لارش ڕاستگۆیانە ووتی ئێمە حکومڕانیمان بە دەستەوەیە بڕوامان وایە ئەبێت بە بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بین ئەو گۆڕانکاریەش بۆ بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا بێت نەك بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبەکانمان ، گرفتێکی گەورەمان هەیە لە گەڵ خاوەن کۆمپانیەکان ، سستمی دیموکاتیمان ڕێگە نادات دەسەڵاتدارێتیخۆمان بسەپێنین بە سەریاندا، گەر زوریان لێبکەین کۆمپانیەکانیان ئەگوێزنەوە بۆ وڵاتانی تر، چونکە لەو وڵاتانەی تردا باجیان لێناسێنن، ئێمە ئەمانەوێت جیاوازی چینایەتی کەمبکەینەوە بایەخ بە گەشەکردنیکەرتی گشتی بدەین ، سەرمایەدارە چاوچنۆکەکانیش ئەیانەوێت موئەسسە حکومییەکان ببنە کەرتیتایەبەتی وەك نەخۆشخانەو دانیشگاو هێڵیگواستنەوەو گەلێك بواری تری گرنگ ، ئێمە دوربینین لە پلان و بەرنامەماندا بۆ بەرەو پێشبردنی وڵات ، ئێمەلە کێشەیەکی بەردەوامداین دژ بەبۆ چونەکانی حیزبی مۆدێرات وهاوپەیمانەکانیان.

کاك مژدە ڕەشید یش ئەوەی دوپاتکردەوەو وتی: کێشەی هاتوچۆی ئۆتوبیلەکانی ناو شاری ستۆکهۆڵم لە پێش کاتی ئیش و دوای تەواوبوونی کار گیروگرفتێکی زۆری دروستکردوە ، خەڵکی وەڕس کردوە، پلانی ئێمە وەك حیزبی چەپ لە دەسەڵاتدا وەك چارەسەر ئەمانەوێت پارە لەو خاوەن ئۆتومبیلانە وەربگیرێت کە دێنە ناو سەنتەری ستۆکهۆڵمەوە ، وەك لە هەندێك پایتەختی وڵاتانی تردا هەیە ، ئەمەش زیاتر دەوڵەمەندەکان ئەگرێتەوە ، هەژارەکان وەك فەرمانبەرو کرێکاران ئەتوانن بە پاس و شەمەنەفەر هاتوچۆبکەن بۆ ناو سەنتەری شار ،ئەم بۆچونە تارادەیەك کێشەکە کەم ئەکاتەوە لەسەر هاتوچۆ هەروەها وتی: نوێنەرانی حیزبەکەمان و (میلیۆ پارتی) لە پەرلەماندا داوای عەفوی گشتیان کرد بۆ ئەو چەند هەزار پەنابەرانەی ئیقامەیان پێنەدراوە ، بە فایلەکانیاندا بچنەوە بەڵام لە ناو پەرلەماندا حیزبیسۆسیال دێموکراتی هاوپەیمانمان و حیزبی مۆدێراتی (ڕاسترەو) یەکیان گرت بەدژی بۆچونەکەمان، ئیتر زۆرینەی دەنگیان هێناو ڕیسەکەمان بوەوە بەخوری ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بێدەنگ بین لە بەردەوامی بۆ چونەکەمان بە شێوازێکی تر کاری بۆ ئەکەین ، ئیتر ئەو پرسیارو وەڵام و دیالۆگە لە نێوان میوانەبەڕێزەکان و ئەندامانی کۆمەڵەکەمان دوو کاتژمێری خایاند ،پاشان ماڵاوایی لە یکتر کرا .

سکرتێری کۆمەڵە

2005/11/20 ستۆکهۆڵم قادرڕەشید

# کارو چالاکی کۆمەڵـەکەمان

کۆمەلـەکەمان ناوی ( ناوەندی بەساڵاچووان وکەمئەندامانی کورد لـە سوید)لە برواری 2001/2/19 لـەشاری ستۆکهۆڵـم دروست بووە ، خاوەنی 230 ئەندامە لـە هەرچوارپارچەکەی کوردستان ،لـە50٪ی ژنن لـە40٪ی ئەندامانی کارگێڕ ژنن ، پرۆژەو بەرنامەی ساڵانەی خۆی هەیە ساڵی جارێك کۆنگرەی خۆی ئەگرێت، مانگی جارێك لیژنەی کارگێڕکۆبونەوەی خۆی ئەکات، سەرچاوەی دارایی برێتیە لـەئابونەی ساڵانە بوجەی سەرەکی لـە شارەوانی ستۆکهۆڵـمەوە پێی ئەدرێت ، کۆمەڵکەمان ئەندامە فیدرراسیۆنی کۆمەڵـە کوردیەکان لـە سوید ،بارەگاکەمان لـە (شارەوانی ئاکالا)یە بە ڕۆژانە لـە کاتژمێری 4 تا 8 دەرگای والآیە، هاوکاریمان لـەگەڵ کۆمەڵـەیفارسەکانی ئێرانی ، سوری ، یۆنانی ، مەندایی هەیە ، لـەگەڵ کۆمەڵـەی بەساڵاچوانی سویدی(PRO) هەیە ، لـەگەڵ زنجیرەیەك لـە کۆمەڵـەیەکگرتوەکانیهەمەجۆر هەیە کە ئامانجیان بواری کلتوریی ومێژویی ووەرزش و شانۆگەریی ووێنەکێشی تابلـۆو گەلێ شتیتره ، لـە گەڵ شارەوانیەکانی شیستاو ستۆکهۆڵـم و چەند شارەوانیەکی تریش پەیوەندیمان باشە، بۆ یاریدەدەرمان لـەڕاهێنان و فیرکردنمان لـە ئیسعافاتی سەرەتایی و یاریدەی ئەوانەی لـەکاتیلێقەوماندابە شێوەیەکی زانیاری فریایان بکەوین ، هەروەها پەیەوەندیمان لـەگەڵ دائیرەی ئاگر کوژاندنەوە هەیە و لـە جێگای کاریان سمیناریان بۆ کردوین لـەبارەی ئاگر کوژاندنەوە مەترسیە کتوپڕەکانی ئاگر ،.

لـەم سالـەدا گەلـێك خزمەتگوزاری پێشکەش بە ئەندامان ودۆ ستانیکۆمەڵکەمان کراوە ، دووجار گەشتی دەرییاییمان کردوەبە پاپۆر بۆ دەرەوەی ولآت ،بە بەشداری زیاتر لـە 40 ئەندامیك لـە سەر ئەرکی کۆمەلـەکەمان و هێلـی دەریایی ، سێ جار شەوەئاهەنگیکوردەواریمان ئەنجامداوە بۆخێزانی ئەندامان و دۆست و کەسایەتیەهاوپەیمانەکانمان لـە سویدییو غەیری سویدی ، کۆمەڵـەکەمان بەشداری لـە هەمو خۆشیی و ناخۆشیەکی ئەندامەکانی ئەکات ، لـە بارەگەکەماندا وانەی زمانی سوید و بە دووپلـە لـە لایەن مامۆستای سویدیەوە ئەوترێتەوە وانەی گرامەتێکی کوردی و نوسینی کوردی بە پیتی لاتینی ئەوترێتەوە هەروەها کۆرسی زوبانی ئینگلیزیی و کەمپیوتەر بە دوو پلـەی بەرز ئەوترێتەوە 8 ئامێری کەمپیوتەرمان هەیە وانەی کۆمەڵناسی (سیۆلۆژی)لـە لایەن مامۆستای سویدیەوە ئەوترێتەوە دیراسەی یاسایعیراق و شیکردنەوەی کراوە ،بە ڕۆژانە لـەبارەی هەواڵ ودەنگوباسەکانی وابەست بە گەلی کوردەوە تاوتوئەکرێت لـە بارەگای کۆمەڵـەکەماندا .

پرتوکخانەکەمان خاوەنی زیاتر لـە 1500 پرتوکی هەمەجۆرە بە زمانی جیاواز کە زوربەیان کوردیە ،ئەمەش خەڵکانێکی دۆست ودڵسۆز پێشکەشی کردوین ،لـە هەمو خۆپیشاندان وسمینار و چالاکیەکانیسیاسیی و غەیری سیاسی بێجیاوازی بیرو ڕا بەشداری ئەکەین ، بەشداری لـە کۆرسەکانی(ABF) ئەکەین لـەگەڵ پەنابەرانی وڵاتەکانی تر وەك دەورەی چۆنێتی بەڕێوەبردنیکارو ئەرکی کۆمەڵـە و چۆنێتی پێشکەشکردنی پڕۆژە و باس و پێشنیار دەربارەی کێشەی گەنجەکان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەر بۆی ، نزیکبوونەوە زانیاری لـە سەر کلـتور ی سویدی( ئەنتیگڕاشون) ئەمانەو گەلێك دەورەی تر ، سایتی خۆمان هەیە لـە ئەنتەرنێت بەم ناونیشانەیە . ( ) .

( ناوەندی بەساڵاچوان وکەمئەندامان )

لـە سوید